www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:58 8-1-2007

# وەڵامێک بۆ بەڕێز: عەلی کۆیی لە لایەن سەرۆکی شارەوانی کۆیە

کۆمپانیای تورکی پرۆژەی ئاوی کۆیە _کلیسە لە ساڵی 2006 گرتەوە بەڵام بە هۆی نەبوونی بوودجە پرۆژەکە لە حکومەتی هەریمی سلێمانی راوەستا. بۆ ماوەی شەش مانگ دوای هەوڵدانێکی زۆر ئەم پرۆژەیە دووبارە دەستی پێکردەوە. هەرچەندە ئەم کۆمپانیایە لای ئێمە ئەم پرۆژەی وەرنەگرتووە لە سلێمانی وەری گرتووە ئێمە بەرپرس نین. بەڵام ئەم کۆمپانیایە هێندی کاری لە ناو زانکۆی کۆیە ئەنجام دابوو بەڵام تەواوی نەکردبوو. بۆیە چەند جارێك لە لایەن بەرپرسانی کۆیە بانگ کرابوو بۆ لیپرسینەوە لەبەرئەوەی ئەم کۆمپانیایە قەرزاری کرێکاری خۆی بوو. دوا بەدوای لیپرسینەوە کۆمپانیایەکە دەستی کردەوە بە کارەکانی خۆی و پرۆژەی ئاوەکەی کە بە 19 ملیون دولاری گرتۆتەوە.. هەرچەندە ئەم کۆمپانیایە ناسراو نیە بەڵام نەدەکرا پرۆژەیەکی وا ستراتیجی رەفزبکرێتەوە.. بۆیە ئەو رۆژە لە بینای شارەوانی کۆبونەوەیان لەگەڵ سازداو ئاگاداریان کردەوە کە ئەو قەرزانەی ماوە لای کرێکارە تورکەکان بیان دات و بە زوترین کات دەست بەکاربێت.. وە ئاگاداریان کردەوە کە رۆژی یەك شەممە سەردانی بەڕێز حاکم بکات و بۆ ئەوەی ئامادەبێت لە بەردەم دادگا بۆیە نەدەکرا کۆمپانیایەك بڕی 19 ملیۆن دۆلار کاری لابێت لە بەردەم بەڕێز قائمقام و شارەوانی کەلەپچەی لە دەست بێت بۆیە ئەفسەرەکانیان ئاگادارکردبۆوَە کە نەدەبوایە کاری وا بکەن...